# لۆرانس ئۆلیڤیە.. شکسپیریی دووەم

(لۆرانس ئۆلیفیە) کە ڕەخنەگران بەسیحری شانۆ لە سینەما ناوی دەبەن، لە چەندین فیلمدا بەشداریی کردووە، کە لە شانۆگەرییەکانی شکسپیر وەرگیراون، بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی لە ڕۆڵی (ڕۆمیۆ) ی شانۆگەری ڕۆمیۆ جولیێت، هاملێت و ئۆتیللۆی و هنری پێنجەمی لە کارە سینەماییە کلاسیکییەکاندا بەرجەستە کردووە.

لۆرانس دیارترینی ئەو ئەکتەرە مەزنانەیە کە زۆرترین کاراکتەرەکانی شکسپیری لە شانۆوە گواستۆتەوە بۆ سینەما.

**بە دەست هێنانی خەڵاتی ئۆسکار**

( لۆرانس ئۆلیڤیا) ساڵی ١٩٤٨ فیلمی هاملێتی پێشکەش کردووە، خۆیشی ڕۆڵی پاڵەوانێتیی تێدا بینیوە، پاشان بەهۆی نواندنی بەرزی لەو فیلمەدا، وەك باشترین ئەکتەری فیستیڤاڵ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێناوە.

(فرانکۆ زیفرللی) لەگەڵ (کریستوفر دی فور) بەشداریی لە نووسینی سیناریۆی فیلمی هاملێتدا کردووە.


ئەم فیلمە ساڵی ١٩٩٠ بەرهەم هاتووە، لە نواندنی ئەکتەری ناودار (میل گیبسون) و (گلین کلۆز) و( ئالان بیتز)ـە هەروەها مێژووی سینەما زۆر ستایشی ئەکتەرو دەرهێنەری ئینگلیزی (کینس برانا) دەکات، لە فیلمی (هاملێت) کە لەساڵی ١٩٩٧ لە دەرەوەی پێشبڕکێی فیستیڤاڵی( کان) ی سینەمایی نمایش کراوە.

ڕەخنەگران پێیان وایە ئەو فیلمە، لەگەڵ هەموو ئەو فیلمانە جیاوازە کە لە شانۆگەریی (هاملێت) وەرگیراون، چونکە فیلمەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو دەقە ڕەسەنەی شکسپیر، کە لە ساڵی ١٦٠٤چاپ کراوە.

**ناوەڕۆکی فیلمەکەی هاملێت**

فیلمی هاملێت ـــ سەربوردەی شازادەی دانیمارك هاملێت دەگێڕێتەوە، کە دوای لەناو بردنی باوکی لەلایەن مامییەوە، هەردوو هاوڕێی (هۆراشیۆ و مارسیلاس) داوا لە هاملێت دە دەکەن، کە بێت و تارمایی باوکی بەچاوی خۆی ببینی، کە چۆن پاش مردنی، شەوان دەردەکەوێت، دوای ئەوەی (کلۆدیۆس) ی برای، بۆ دەسەڵاتگرتنە دەست و دەست بەسەرداگرتنی موڵکو سامانی، خیانەتە گەورەکەی لەگەڵدا دەکات و، دەچێتە سەر عەرشی پاشایەتی و، دایکی هاملێت دەکاتە هاوسەری خۆی.

لەکاتی خۆئامادەکردنی شازادەی نەرویج (فورتمبرانس) بۆ داگیرکردنی دانیمارك و گەڕاندنەوەی خاکێك، کە پاشای مامی لەو کاتەی یاریی قوماری لەگەڵ پاشای دانیمارك دەکرد دۆڕاندبووی، قسەی هاوڕێکانی هاملێت بەڕاست دەرچوو، هاملێت تارمایی باوکی بە چاوی خۆی بینی، لە ناو هەقیقەتێکی باوەڕ پێ نەکراودا، باوکی پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو نەمردووە، بەڵکو کلۆدیۆسی برای کوشتوویەتی و داوای تۆڵەسەندنەوەی لێ دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەو داوێن پیسییە گەورەیەی کە دایکی لەگەڵ باوکی هاملێت دا کردی و، تێوە گلانی بەخیانەتەکە، کەچی باوکی داوا لە هاملێت دەکات، هیچ بەسەر دایکی نەهێنێت و تاوانی ئەو بۆ خودا بەجێ بهێڵێت، با بەدەم نا ئارامی و یژدانییەوە ئازار بکێشێت.



حەیدەر عەبدولڕەحمان

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ناو کۆشکیشدا پەیوەندییەکی سۆزداری لە نێوان هاملێت و ئۆفیلیای کچی (بۆلۆنیوس)ی ڕاوێژکاری پاشادا هەبوو، لەلایەکی دیکەوە (کلۆدیوس)ی پاشای دانیمارك باڵیۆزی خۆی ڕەوانەی لای پاشای نەرویج دەکات، کە جەخت لەسەر (فۆرتنبرانس ) ی برازای بکات، تا واز لەو بڕیارەی خۆی بهێنێت، بۆ داگیر کردنی دانیمارك، لە بارتەقای ئەوەی ڕێ خۆش بکات بۆسوپای نەرویج بەخاکی دانیماركدا ڕەت ببێت، بۆ داگیرکردنی پۆڵەندا، لەم کارەدا باڵیۆز سەردەکەوێ بۆ ڕازیکردنی پاشا بەو ڕێکەوتنە. هاملێت دوای ئاشکرا بوونی تاوانە گەورەکە، هەوڵی ئەوە دەدات دەست بە پلانی تۆڵە سەندنەوە بکات و دوژمنەکانی بخاتە نێو دوو دڵی و ڕاڕایی و ترس، لەوەدەمەدا شانۆگەرییەك پێشکەش دەکات، کە تەواوی ڕوداوەکەی کوشتنی باوکی بەدەستی براکەی لەبەردەم مامی و دایکیدا نمایش دەکات، بۆ ئەوەی پێیان بڵێ ئەو لەتاوانەکە بێئاگا نییەو، خۆیان بۆ تۆڵە سەندنەوە ئامادە بکەن، ئەوە بوو کلۆدیۆس لەکاتی نمایشەکە ترس دایدەگرێ، دەزانێ هاملێت هەموو تاوانەکەی لا ئاشکرا بووە، بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە، کە پلانێکی گڵاوتر لە کوشتنی براکەی بۆ هاملێتیش دابنێ و لەناوی ببات.

ئەوەبوو لەگەڵ دوو کەس لە هاوڕێکانی سەردەمی خوێندنی هاملێت ڕێکدەکەوێت، کە نامەیەك بۆ پاشای ئینگلتەرا ببات، تێیدا نووسراوە دەست بەجێ هەڵگری نامە لەناو ببات، بەڵام بەرلەوە هاملێت ڕووبەڕووی دایکی دەبێتەوە و تەوای تاوانەکەی بۆ ئاشکرا دەکات، لەو کاتەدا کەپرسی تاوانگێڕییەکە بۆ دایکی باس دەکات، هەست دەکات یەکێك لەژێر پەردەوە بەنهێنی گوێی بۆ قسەکانی شل کردووە، هاملێت وا هەست دەکات کە ئەو کەسە (کلۆدیۆسە)و پەلاماری دەدات و دەیکوژێت، بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە ئەو کەسە کلۆدیوس نەبوو، بەڵکو باوکی ئۆفیلیای خۆشەویستی بوو.

بۆیە هاملێت ناچار دەبێت، بڕوات و ڕێگەی ئینگلتەرا بگرێتە بەر، لە ڕێگەدا نامەکەی مامی دەخوێنێتەوە کەداوای کردبوو هەڵگری نامەکە بکوژێ، بۆیە بەنهێنی و لەشێوەیەکی نەناسراودا دەگەڕێتەوە دانیمارك، ئۆلیفیا کە باوکی بەدەستی هاملێت دەکوژرێت، دەگەڕێتەوە پاریس و بۆ تۆڵە سەندنەوە دەچێتە پاڵ (بۆلۆنیوس) بۆ لەناوبردنی هاملێت، بەڵام دواتر لە ئاکامی ئەو ڕوداوەدا خۆی دەکوژێت.

هاملێت کەدەگەڕێتەوە دانیمارك و لەناو گۆڕستاندا ئەو گۆڕهەڵکەنانە دەبینێت کە بێ هیچ ڕێ و ڕەسمێك شەو سەرقاڵی گۆڕهەڵکەندنن بۆ ئافرەتێك کە خۆی کوشتووە، بۆی دەردەکەوێ کەئەمە ئۆفیلیایە، هاوار دەکات، دواتر ڕووبەڕووی (بۆلۆنیوس) دەبێتەوە و لە شەڕێکی خوێناویدا لەناوی دەبات، بەڵام هاملێتیش لە شەڕە شیرەکەدا بریندار دەبێت و لە ئەنجامدا گیان لەدەست دەدات، فۆرتنبرانسیش دوای داگیر کردنی بۆڵەندا، لە گەڕانەوەیدا بەدانیمارك، هەموو ئەو کارەساتە لە کۆشکی پاشایەتی دانیماركدا دەبینێت و فەرمان دەدات، کە بە ڕێوڕەسمێکی سەربازی هاملێت بنێژن و تۆپی پرسە بتەقێنن.

# یەکەم خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «مۆسکۆ» لە ڕووسیا بەڕێوەدەچێت

**مەنسوور جیهانی . بە بەشداریی (١٥) فیلمی درێژ و (٢٠) کورتە فیلمی چیرۆکی و بەڵگەفیلم، یەکەم خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «مۆسکۆ» لە ڕووسیای فیدراڵ بەڕێوەدەچێت.**

خاتوو «گولیزەر گەردەن زەری سەرۆکی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «مۆسکۆ» MKFF یە بۆ ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و مێژووی کورد، هەروەها ژیانی مۆدێرنی ئەم نەتەوەیە، بە چاودێری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە نمایشی (١٥) فیلمی درێژ و (٢٠) کورتە فیلمی چیرۆکی و بەڵگەفیلمی سینەماکارانی هەر چوارپارچەی کوردستان و وڵاتان، هەروەها بە پشتیوانی «کارۆ ئارت» KARO.Art لە ڕۆژانی ٢١تا ٢٥جوولای ئەم ساڵ لە هۆڵەکانی ناوەندی سینەمایی «ئۆکتۆبەر» لە شاری مۆسکۆ بەڕێوەدەچێت.



فێستیڤاڵی فیلمی کوردی مۆسکۆ Moscow لە ڕیزبەندی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی فیلمە و لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگی فیدراسیۆنی ڕووسیا و بە پشتیوانی "ئۆ. بی. لیۆبیمۆڤا" وەزیرەی کەلتووری ڕووسیا دەبێت.

بەرپرسانی یەکەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" لە ڕاگەیێندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند: کورد یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی جیهانن، هەر بەم پێیە مێژوویەکی دەوڵەمەند و فەرهەنگێکی جیاوازیان هەیە. خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی، بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە سینەمای هاوچەرخی کوردیدا خۆی دەرخستووە.

فیلمی "زارە" (زارا) Zare لە دەرهێنانی "هاموو بەیک نازاریان لەڕاستیدا یەکەمین فیلم سەبارەت بە کوردەکان لە مێژووی سینەمای جیهان دێتەئەژمار. ئەم فیلمە چیرۆکییە بێدەنگە لە ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن ستۆدیۆی فیلمسازی "ئەرمەن فیلم" Armenfilm وێنەگیراوە، باس لە ژیانی کوردانی ئێزیدی لە قەفقاز و خەباتی ئەوان لە دژی بەرپرسانی تێزاری دەکات.

ڕووداوە گرینگەکانی دوایی لە سینەمای کوردیدا، سەرهەڵدانی ئەکتەر و دەرهێنەری ئەفسانەیی "یەڵماز گۆنای"یە Yilmaz Guney کە کو بە "باوکی وینەگریی کورد" ناسراوە؛ فیلمی سینەمایی "ڕێگا" (یۆڵ) The Road لە دەرهێنانی ئەم سینەماکارە مەزنە کوردە سەبارەت بە خەبات و ژیانی کورد لە باکووری کوردستانە، ئەم فیلمە، خەڵاتی بەنرخی چڵە خورمای لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "کان" لە وڵاتی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٨٢ بەدەستهێنا؛ هەروەها کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی جیهانی "گۆڵدەن گلۆوب" Golden Globe Awards لە ئەمەریکا بوو.

دوای ڕاپەڕینی پیرۆزی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، سینەمای کوردی بەرەوپێشچوونی بەرچاویی بەخۆیەوە بینی. لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆمەڵێک فیلم لە دەرهێنانی فیلمسازانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باکووری کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان، هەرێمی کوردستان و سینەماکارانی کوردیی دانیشتووی تاراوگە؛ لە فێستیڤاڵە جیهانییەکانی فیلمدا بەشداریان کرد و خەڵاتی گرینگیان بۆ سینەمای کوردستان بەدەستهێنا.

سینەمای کوردستان بە درەوشانەوەی بەرهەمە جوانەکانی سینەماکارانی ناوداری خۆی لەوانە: "بەهمەن قوبادی"، "هونەر سەلیم"، "شەوکەت ئەمین کورکی"، "جانۆ ڕۆژبەیانی"، "مانۆ خەلیل" و ... لە جیهاندا دەناسرێت. سینەمای کوردی نە تەنیا لە نێوان دیاسپۆرەکانی دنیادا بە خێرایی بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵکوو خۆشەویستییەکی تایبەتیشی هەیە. فێستیڤاڵەکانی فیلمی کوردی بە سەرکەوتوویی لەپایتەختەکانی ئەوروپا و وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان بەڕێوەدەچن و فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ"ش لەم بنەما ڕەسەنە و گرینگە بەدەر نییە.

فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" بە چالاکییەکی فەرهەنگی مێژوویی بۆ هەموو کورد جیهان ئەژمار دەکرێت. ئەمڕۆکە نزیکەی ٧٠ هەزار کورد لە وڵاتی ڕووسیا ژیان بەسەردەبەن؛ ئەم فێستیڤاڵە، بە پاراستنی شووناسی نەتەوایەتی، گەشەپێدانی زمانی دایکی و فەرهەنگی نەتەوەیی و بە هاوبەشی میراتی مێژوویی و کەلتووریی خۆیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی ڕووسیا یارمەتی دەبەخشێت.

بە گشتیی بەرنامەی فێستیڤاڵ (٣٥) فیلم لە ژانرە جۆراوجۆرە سینەماییەکان لە خۆ دەگرێت کە زۆربەیان بۆ یەکەمین جار لە ڕووسیا نمایش دەکرێن. (١٥) فیلمی درێژ لە هۆڵەکانی ناوەندی سینەمایی "ئۆکتۆبەر" دەچنە سەر پەردەی سینەماکان و (٢٠) کورتە فیلمیش بڕیاروایە لە ڕۆژانی فیستیڤاڵەکە بە شێوەی ئۆنلاین نمایش بکرێن.

یەکەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی "مۆسکۆ" بە شێوەی پێشبڕکێی بەڕێوەناچێت، چونکە مەبەستی سەرەکی ئەم ڕووداوە سینەماییە ناساندنی سینەمایی کوردییە. لەم فێستیڤاڵەدا، بینەران ئەو فیلمانە دەبینن کە تیایدا کەلتووری کوردیی، مێژوو و تایبەتمەندییەکان، ژیانی مۆدێرن و مەسەلەکانی دیکەی پەیوەست بە کورد ڕەنگی داوەتەوە کە دەتوانن ئەم بەرهەمە سینەماییە گرینگانە بە زمانی سەرەکی و بە ژێرنووسی زمانی ڕووسی ببینن.

بڕیار بوو فێستیڤاڵەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ و هاوکات لەگەڵ حەفتاو پێنجەمین ساڵوەگەڕیی سەرکەوتن لە جەنگی دووەمی جیهانی بەڕێوەبچێت؛ بەڵام بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا دواخرا بۆ ساڵی ٢٠٢١.

سپۆنسەرەکانی یەکەمین خولی فێستیڤاڵەکە بریتین لە: کۆمپانیای سینەمایی "میتۆس فیلم" Mîtosfilm لە ئەڵمانیا، کەناڵی "ڕووداو" Rûdaw TV، "کارۆ ئاڕت" KARO. Art، "سینەپرۆمۆ" CinePromo، کەناڵی "کوردستان ٢٤" Kurdistan٢٤، "مووڤی ستاڕت" MovieStart، "کینۆ تئاتر" Kino-teatr ڕووسیا، هوتێل "برۆسکۆ" Brosko لە ڕووسیا، کەناڵی "کوردستان تی.ڤی" KurdistanTV و کەناڵی "زاگرۆس" Zagros TV.



# تۆم کرووز خەڵاتەکانی گۆڵدن گلۆپ دەگەڕێنێتەوە

له هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا، ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی (تۆم کروز) سێ خەڵاتی گۆڵدن گلۆپی گەڕاندەوە بۆ کۆڕبەندی ڕۆژنامەنووسانی بیانی، کە سەرپەرشتیی خەڵاتەکە دەکات لە هۆڵیۆد.

تۆم کروز کە لە ساڵانی 1990 و 1997 و 2000 خەڵاتەکەی بەدەست هێناوە، هۆکاری گەڕاندنەوەی خەڵاتەکان بۆ نەبوونی هەمەڕەنگی لە بەڕێوەبەرایەتی و سەرپەرشتیارانی ئەم خەڵاتەدا گەڕاندەوە، هەروەها ڕایگەیاند کە کۆڕبەندەکە پێویستی بە چاکسازییەکی بەرفراوان و بە پەلە هەیە.

بەپێی ڕۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی پێشتریش هەر یەکە لە کۆمپانیاکانی نیتفلیکس و ئەمازۆن و کەناڵی (بی بی سی)یش نارەزایەتییان دەربڕی بوو لە هەنگاوەکانی کۆڕبەندی ڕۆژنامەنووسیی بیانی لە هۆڵیۆد، هەروەها تۆڕی ( ئێن بی سی) ی ئەمریکی کە لە ساڵی 1996ەوە ئاهەنگەکە دەگوازێتەوە، ڕایگەیاندووە: کە لە ساڵی داهاتوودا ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکان ناگوازێتەوە و، دەیەوێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی ئەنجام بدات.

دوای ئەم بڕیارەی تۆڕی ناوبراو کۆڕبەندەکە ڕایگەیاند کە ئامادەیە گۆڕانکاریی گرنگ ئەنجام بدات و، پابەندبوونی خۆی دووپات کردەوە، بە ئەنجامدانی چاکسازی و بەدیهێنانی داواکاریی ئەو کەس و لایەنانەی کە نارەزایەتییان هەیە.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە لە دوای خەڵاتی ئۆسکار، گۆڵدن گلۆپ بە دووەم گرنگترین خەڵاتی هونەری دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان.

**سەرچاوە: بی بی سی**

# کۆرۆنا چی لە میگان و مادۆنا کرد؟



بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی جیهان تەنیا کاریگەریی لەسەر لایەنی تەندروستی و ئابووری نەبوو، بەڵکو کاریگەریی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش کرد، چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی خۆپاراستن لێی، بریتی بووە لە دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە کاتی تووشبوون بە نەخۆشییەکە. میگان فۆکسی خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەمریکا و بەتایبەت دوای تووشبوونی (براین ئۆستنی هاوسەری) بڕیاریدا لێی دووربکەوێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش میگان لە کالاباس مایەوە و ئۆستنیش لە ماڵەکەی خۆی لە مالیبۆ بوو.

هەر سەبارەت بە کۆرۆنا مادۆنای ئەکتەر و گۆرانیبێژ ڕایگەیاند: بەسەرهاتی ئەو لەگەڵ کۆرۆنا جیاواز بوو، چونکە کاتێك بە ڕێکەوت پشکنینی ئەنجام دا، دەرکەوت کە تووشی کۆرۆنا بووە، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی هەبێت، یان هەستی پێ بکات، پزیشکان ئەمەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە خوێنی مادۆنا دژە تەن هەیە، کە بەرگریی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات.

مادۆنا کە پێشتر سێ کەس لە کەسە نزیکەکانی بە کۆرۆنا گیانیان لە دەستدا بوو، سەبارەت بە تووشبوونی ڕایگەیاند: پێموایە دوای گەشتەکەم بۆ فەرەنسا لە سەرەتای مانگی ئادار تووشی کۆرۆنا بووم، چونکە ئەو کات تەندروستیم تێك چوو، بەڵام پێم وابوو کە ئەنفلۆنزایەکی ئاساییە.

**سەرچاوە: البوابة**



# لارۆسی: پەلە ناکەم لە بەدیهێنانی خەونەکانم

لارۆسی کچە گۆرانیبێژێکی لاوی هۆڵەندی و بە ڕەچەڵەك مەغرىبىيە، زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی، ئینگلیزی و پورتوگالی دەزانێت، لە ماوەیەکی زوودا بە گۆرانییەك سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست هێنا، لە هەمان کاتدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی تایبەت بە خۆیی دامەزراندووە.

سەرەتا لە بەرنامەی پێشبڕکێی (ئۆرڤیژیۆن) بەشداریی کرد و سەرکەوتوو بوو، ئەمەش وایکرد کە ئەلبوومێك بڵاو بکاتەوە و، خەڵاتی (سیدیی زێڕین) بەدەست بهێنێت، ئێستا لە دوبەی نیشتەجێیە، سەبارەت بە بەرهەمەکانی دەڵێت: ”هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم کە لە ماوەیەکی زوودا توانیم سەرکەوتن بەدەست بهێنم لە ڕووی جەماوەرییەوە، بەتایبەتی لە سۆشیال میدیا، ئەمەش هاندەرێکی زۆرە بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام بم و، لە بواری گۆرانی گوتندا تواناکانم پەرەپێ بدەم“.

سەبارەت بە تێکەڵیی مۆسیقای ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی لەو گۆرانیانەیدا کە پێشکەشی دەکات دەڵێت: ”ڕاستە من لە ڕۆژئاوا گەورە بووم، بەڵام هونەرمەندە گەورەکانی وەك ئوم کەلسوم و فەیروز و چەندانی دیکە بۆ من مایەی ئیلهام بوون، بۆیە هەر لە سەرەتای هاتنە نێو جیهانی گۆرانی گوێم لە بەرهەمەکانیان گرتووە و، هەوڵیش دەدەم لەو ڕووەوە تێکەڵییەك دروست بکەم“.

لارۆسی باس لە خەونەکانی دەکات لە بواری هونەریدا ولەو ڕووە دەڵێت: ”ئێستا لە سەرەتادام، بەڵام هەنگاوەکانم باش هاویشتووە و نامەوێ پەلە بکەم، چونکە کاتی زۆرم لە پێشە و خەونەکانیشم زۆرن.“

**سەرچاوە: نووسینگەی ڕاگەیاندنی لارۆسی**